داگیرکەری بیانیدا، ببێتە فاکتەری خۆجیاکردنەوە لە داگیرکەر. بۆچی ئەلفوبێی کوردی، وەک توخمێکی تری کولتووری و بەشیک لە زمانی کوردی، نەتوانێت کوردی باکوور لە تورک جیا بکاتەوە؟ ئەلفوبێی لاتینی- تورکی بەشێکە لە ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم، ئامرازێکیشە بۆ کوشتنی زمانی کوردی. رەتکردنەوەی ئەم ئەلفوبێیە تەحەدایەکی گەورەی کەمالیزم و سیاسەتی کوشتنی زمان و کولتووری کوردییە، لە تورکیادا. بەڵام ئایا کوردی باکووری کوردستان، دەتوانن دەستبەرداری ئەلفوبێی لاتینی-تورکی ببن و بۆ ئەلفوبێی خانی و مەلای جزیری و فەقێی تەیران، بگەڕێنەوە، یان ئایدیۆلۆجیای کەمالیزم و دیماگۆگیای دەوڵەتی تورک ئەم ئەلفوبێیەیان لای ئەوانیش پیرۆز کردووە و ئەو وەهمەیان لەلا دروستکردووون کە پێیان وایە، لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی-تورکییەوە بوونەتە ئەوروپایی؟!

کەوانامەی کتێب

*** دوکتور لایەنێکی دیکەش لەسەر زمان رەنگە ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی‌و سەرەکی چاوی لێ بکەین، بەڵام رۆژانە خەڵک بەردەوام، تابلۆی سەر شەقامەکان‌و بازاڕ و کوچە و کۆڵانەکان دەبینن، کابرا بە عەرەبی فکری کردۆتەوەو بە کوردی نووسیویە، دەڵێ فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی روون نییە، فرۆکەخانەکە نێودەوڵەتییە یان هەولێر؟ یا دەڵێ سەروپێی حاجی قادر، کولێرە بەرۆنی حەسەن زیرەک، نموونەیەکی زۆر کەمن لەو شتانە کە رۆژانە ئێمە بە ئاسایی دەیانبینین، بەڵام زۆر شوێن دادەنێن لەسەر بیر و باوەڕی خەڵک، تەواوی تابلۆکانی شاری سلێمانی و هەولێر ببینە یەک تابلۆ بەرچاو ناکەوێ نووسرابێت پیشانگا، هەمووی نووسراوە پێشانگا، واتە ئەو هەڵانە کە بێنە ناو کولتوور و بازاڕ و شەقام و ئەندێشەی تۆوە، لە درێژخایەندا، زەربە لە زمان دەدەن. جەنابت ئەم رەوشە چۆن دەبینی؟**

- راستیەکەی ئەمە تەنیا بەشێک نییە لەو ئاژاوە و بێسەروبەرەی و بێخاوەنیی ئەم وڵاتە، کە کەس بە مانا فراوان و کۆنکرێتیەکەی، خۆی بە خاوەنی نازانێت. تەنیا بەشێک نییە لەوە بەڵکوو ئەوپەڕی بێزەوقییش پێشان دەدا لە کۆمەڵی ئێمەدا. ئەوە پێشان دەدا کە هەموومان، بە ئەندازەیەک بێ زەوقی لەناوماندا بڵاو بۆتەوە، کە ئەم شتانە ئازارمان نادەن و دوو کەسمان هان نادەن، بچین چەند تابلۆیەکیان دابگرین و بیخەینە ژێر پێوە. لە هەر وڵاتێکی دنیادا شوێنی تایبەت هەیە، پارێزگا یان شارەوانی، کە چاودێری و سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی ئەو کارە دەکەن. بەڵام زۆر بە داخەوە دەڵێم، لای خۆمان، ئەم دوو دەزگایە لەبەر کاری تر و لەبەر کەمتەرخەمیان، لەبەر ئەوەی کە وەکوو هەموومان بەو بێزەوقیە راهاتوون، نایەنە دەنگ و هیچ رێوشوێنێک ناگرنە بەر، دەنا مرۆڤ تەنانەت بۆی نییە بە ئارەزووی خۆی هەر ناوێکی بوێ بۆ پیشانگاکەی هەڵبژێرێ، یانی چی بۆ نموونە پێڵاوی نالی، بۆ نالی پێڵاوفرۆش بوو؟ بۆ نموونە دەڵێم بەرگدرووی مەولەوی، مەولەوی بەرگدروو بوو؟ رەنگە زۆر لەوە خراپتریش هەبێت، بەڵام ئەمە بەشێکە لەو بێسەروبەرەییە و لەو بێزەوقییە گشتییە، باوەڕیشم پێ بکە ئەگەر دەسەڵات پلان و هەیبەتێکی هەبێ بە یەک مانگ دەتوانێ هەر هەمووی چارەسەر بکا. لیژنەیەکی تایبەت لە کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ،

هەواڵنامەی کتێب

